# هەرێمی کوردستان لەناو گەمەی سیاسیی لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیدا

**نەوزاد هێتوتی،** دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد ـ زانکۆی لێستەر ـ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەلاحەددین

### هەرێمی کوردستان و گەمەی چوارچێوەی هەماهەنگی

لە دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت و دواتریش پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی، لایەنەکان، بەتایبەتیش کورد و سوننەکان، گەشبین بوون بەوەی حکوومەتی نوێ پابەندی ڕێککەوتنەکان دەبێت و خواست و داواکارییەکانیان کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە جێبەجێ دەکرێن. بەڵام لە دوای پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی لە ئۆکتۆبەری 2022دا لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی پراکتیزەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت نەهاوێژراوە. ئەوەی تاکوو ئێستا دیارە، ئەو ڕێککەوتنە تەنیا لە خزمەتی لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێراندا بووە؛ کورد و سوننەکان شتێکی ئەوتۆیان لەو ڕێککەوتنەکە دەست نەکەوتووە. سەبارەت بە عەرەبە سوننەکان، هیچ یەک لە داواکانیان کە پەیوەست بوون بە چارەسەرکردنی دۆسیەی بێسەروشوێنبووەکان و دەرکردنی یاسای لێخۆشبوون، هەڵوەشاندنی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس، کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوەندی شارەکانی عەرەبە سوننەکان جێبەجێ نەکراون.

لەم ڕووەوە حکوومەتی سوودانی هەنگاوێکی ئەوتۆی بە ئاراستەی جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە نەهاوێشتووە، بەڵکوو ڕێك بەپێچەوانەوە، لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی هەوڵیان داوە دووبەرەکی و ناکۆکی بخەنە نێو هێزە سوننەکاندا. تەنانەت بیر لەوە دەکەنەوە لەناو سوننەکان بەدیلێکی تر بۆ حەلبوسی بدۆزنەوە و لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دووری بخەنەوە. هەروەها زۆر جارانیش بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شیعەکان ئەو کارتەیان وەك گوشار دژی حەلبووسی بەکار هێناوە.

دیارە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخی سوننەکان باشتر نییە. بڕیار بوو دوای دروستکردنی حکوومەتی سوودانی، لە ماوەی 6 مانگدا یاسای نەوت و گاز بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم پەسەند بکرێت؛ بەڵام تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە. هەروەها، لە یەکەم تاقیکردنەوەدا شیعەکان پشتیان لە ڕێککەوتنەکانیان کرد؛ بەتایبەت سەبارەت بە پەسەندکردنی بوودجە، هەوڵیان دا لە پێگەی هەرێم بدەن. لە لایەکی تریشەوە، سەبارەت بە بەندی 140، ڕێککەوتننامەی شنگاڵ و دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی، نەك هەر هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە، بەڵکوو ڕێك بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکان هەنگاو دەنێن. لە کەرکووك هەموو ڕۆژێك سوپای عێراق دەچێتە سەر ماڵە کوردەکان و هەوڵی داگیرکردنی زەوییەکانیان دەدات. لە شنگاڵ بارودۆخەکە زۆر خراپترە. لە نوێترین هەنگاودا بەرپرسانی حەشدی شەعبی دەستیان کردووە بە دروستکردنی لیوایەکی تری چەکداری سەر بە میلیشیا شیعەکان لە ناوچەکەدا و بۆ ئەم مەبەستە

ڕەزامەندیی حکوومەتی "سوودانی"یان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، دەبوایە هەموو میلیشیا چەکدارەکان لە شنگاڵ دەرکرابان. بە هەمان ئاراستەیش، شیعەکان هەناردەکردنی نەوتی هەرێمیان ڕاگرتووە و بە پاسا و بیانووی جیاوازەوە مەبەستیانە گرفت بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی، هەوڵ بدەن وەك پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن.

ئەمە لە کاتێکدایە، لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی زۆربەی ئەو داواکارییانەی هەیانبوو، بە دروستکردنی حکوومەتی سوودانی و بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی کورد و سوننەکان بەدەستیان هێناوە؛ لەوانە گۆڕانکاری لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە شێوەیەك لەبەرژەوەندییاندا بێت. بێ گومان کۆمیسیۆنی نوێ بەو گۆڕانکارییانەی تێیدا کراوە، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خزمەتێکی گەورە بە چوارچێوەی هەماهەنگی دەکات. هەروەها بە گەرەنتیکردنی پۆستی سەرۆکوەزیران، توانیویانە زۆربەی دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەت بۆ جارێکی تر کۆنترۆڵ بکەن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن. لە لایەکی تریشەوە، چوارچێوەی هەماهەنگی بوودجەیەکیان لە پەرلەمان پەسەند کردووە کە بە گەورەترین بوودجە لە مێژووی عێراقدا دادەنرێت. زۆربەی بڕگە و ماددەکانی بوودجەکەیش بە شێوەیەك داڕێژراون، کە خزمەت بە پێگەی سیاسییان دەکات. بە هەمان ئاراستەیش، لەسەردەمی حکوومەتی سوودانی پێگەی حەشدی شەعبی چەند ئەوەندە بەهێزتر بووە و لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی بەرفراوان کار و چالاکی دەکەن. تەنانەت لە بوودجەی عێراقدا پارەیەکی یەکجار زۆریان بۆ تەرخان کراوە کە دەگاتە 3 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. هەروەها ژمارەی ئەندامەکانی بۆ دوو ئەوەندە لە بوودجەی عێراقدا بەرز بووەوە؛ واتە لە 130 هەزار بۆ 230 هەزار کەس. هەروەها حکوومەتی سوودانی پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی حەشد تەرخان کردووە. لەم ڕووەوە، سوودانی ملیۆنان دۆلاری داوتە کۆمپانیایەك بە ناوی کۆمپانی موهندیس کە سەر بە حەشدی شەعبییە.

### کودەتاکەی عەسائیب و یەکێتی دژی هەرێمی کوردستان

لە 25ی ئایاری 2023 هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە هەماهەنگیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لیژنەی دارایی کودتاییەکی سیاسیان دژی هەرێمی کوردستان کرد و، زۆربەی ئەو بەندانەی بوودجە، کە پەیوەست بوون بە هەرێمەوە و لە نێوان هەرێم و حکوومەتی سوودانی ڕێککەوتنی سیاسیی لەسەر کرابوو، دەستکاری کران. ڕاستییەکەی، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەلایەن گرووپی عەسائیب ئەهلی هەق، یەکێتی و هەندێك هێزی شیعە لە لیژنەی دارایی سەر بە پەرلەمانی عێراق ئەنجام دران، بە هەموو مانایەك بە "کودەتا" دژی هەرێمی کوردستان وەسف دەکرا. تەنانەت لایەنە شیعەکان بەگرنگییەوە باسی ئەو گۆڕانکارییانەیان دەکرد کە لەلایەن ئەندامەکانییەوە کرابوون و، لە لیژنەی دارایی، ئەندامەکانی لیژنەی دارایی خۆیان ناو نابوو "حەوت هەڵۆکەی لیژنەی دارایی"!.

ئەوەی جێگەی تێبینییە، بافڵ تاڵەبانی خۆیشی دانی بەوەدا ناوە، کە دەستی لەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە و، هاوکار بووە بۆ ئەوەی دەستکاریی بەندەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان بکرێت. لە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو شاندی پارتی و یەکێتی بەپێی زانیارییەکانی "ڕووداو"، یەکێك لەو گلەییانەی پارتی لە یەکێتی کرد، ئەوە بوو کە یەکێتی هاوکار بووە بۆ ئەوەی دەستکاریی بەندەکانی بوودجە بکرێت دژی هەرێم. لە وەڵامدا، بافڵ تاڵەبانی باسی ئەوەی کرد کە ئەو کارەیان لە ئەنجامی کاردانەوەیان بووە دژی کاراکردنی

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەلایەن پارتییەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان پرسی کاراکردنی کۆمیسیۆن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان و دەستێکەڵکردن لەگەڵ میلیشیا شیعەکان دژی هەرێمی کوردستان! نازانم بافڵ تاڵەبانی بە چ پێوەر و حسابێك ئەم دوو پرسە بە یەك چاو سەیر دەکات یان پێکەوە گرێیان دەدات؟! چۆن دەبێت تۆ دژی مافەکانی نەتەوەکەت بوەستیتەوە لەبەر ئەوەی لەسەر پرسێکی ناوخۆیی کێشەت هەیە یان بۆچوونی جیاوازت هەیە؟ ئاخر بە چ عەقڵییەتێك تۆ دێیت دژایەتیی شایستە داراییەکانی هەرێم دەکەیت و لە پێگەی هەرێم دەدەیت، لەبەر ئەوەی ناکۆکیی ناوخۆییت هەیە؟ ڕاستییەکەی، ئەمە تەنیا و تەنیا یەك شتمان پێ دەڵێت: بافڵ تاڵەبانی، کوردستانی بەبارمتە گرتووە و دەڵێ "یان بەو شێوەیە دەبێت کە خۆم دەمەوێت، یان با شتێك بە ناوی هەرێم نەمێنێت." بێ گومان ئەمەیش گەمەیەکی مەترسیدارە.

لە ڕاستیدا، هەرچەندە ئەو پیلانەی لایەنە شیعەکان دژی هەرێمی کوردستان وەك خۆی سەری نەگرت، بەتایبەت دوای ئەوەی پارتی بەتوندی دژی ئەو گۆڕانکارییانە وەستایەوە، بەڵام کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتە سەر ڕێڕەوی دانوستاندنەکان و، بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی شیعەکان بۆ ئەوەی لە زۆر بواردا بتوانن مەرجەکانیان بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنن و، لە زۆر خاڵدا سەرکەوتوو بوون. لە هەموویان گرنگتر، لە کاتی پەسندکردنی بوودجە لە 12ی حوزەیرانی 2023، لە بەندی 13، بڕگەی 7 خاڵێك بە زۆرینەی دەنگ و بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەسەند کرا، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی ئەگەری ناردنی پارە بۆ پارێزگاکانی هەرێم دەکات لە حاڵەتی دروستبوونی کێشە یان نادادی لە دابەشکردنی داهات.

بەگشتی لە پەسندکردنی بوودجەی عێراقدا لە 12ی حوزەیرانی 2023، ئەوەی بەئاشکرا هەستی پێ کرا ئەوە بووە کە، پاشگەزبوونەوەی زۆر هەیە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە لەو ڕێککەوتنانەی کە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی کراون، بەتایبەت لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت کە لە 26 سپتەمەبر 2022 راگەیانرا. یەکێك لە پرسەکان پەیوەندیی بە بوودجەوە هەبووە کە باسی ئەوە دەکات کە نابێت بوودجە بە زۆرینە دەرباز بکرێت، بەتایبەت ئەو بەندانەی پەیوەندیی بە مافەکانی هەرێمەوە هەیە و، لەم ڕووەوە دەبێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم بوودجە پەسەند بکرێت. بەڵام ئەوەی لە پەرلەمان بینرا، ڕێك پێچەوانەی گشت ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بوو. چوارچێوەی هەماهەنگی هەموو هەوڵێکیان دا ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە و لە پێگەی هەرێمی کوردستان بدەن. تەنانەت پابەندی بەرنامەی سەرۆکوەزیرانی خۆیانیش نەبوون. ئەمەیش تەنیا یەك شتمان پێ دەڵێت، کە ئەو لایەنە شێعانەی کە ڕێککەوتنیان لەگەڵدا کراوە، وەك هەموو جارانی پێشوو، ڕێککەوتنەکان تەنیا وەك تەکتێك سەیر دەکەن.

**بوودجەی عێراق و مەترسییەکانی**

لە ڕاستیدا لە زۆر ڕووەوە بوودجە بە شێوەیەك نووسراوە کە لە بەرژەوەندیی لایەنە شیعەکان بێت و لە زۆر بڕگە و خاڵدا لە پێگەی هەرێمی کوردستان دراوە، لەوانە:

- بەگشتی بوودجە بە بیرکردنەوە و عەقڵییەتی خۆسەپاندن و ناوەندگەراییانە نووسراوە. واتە لە هەموو خاڵ و بەندەکاندا هەوڵ دراوە دەسەڵاتەکان بدرێتە حکوومەتی ناوەندی و زۆربەی

دەسەڵاتەکان لە ناوەند چڕ بکرێتەوە؛ بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە. بۆیە لە زۆر خاڵ و بڕگەدا هەوڵ دراوە هەرێمی کوردستان وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

- هەوڵدان بو ئەوەی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمدا بکرێت. واتە دابەزاندنی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمێکی فیدراڵییەوە بۆ ئاستی پارێزگایەکی عێراقی. جێگیرکردنی بڕگەی( 8-بی) لە بەندی 13 کە جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی لە حاڵەتی هەبوونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەرپرس دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لەوانەیش: ناردنی پشکی پارێزگاکانی هەرێم. هەرچەندە ئەمە ئەو دەقە نییە کە یەکێتی مەبەستیان بوو، بەڵام دیسان ئەمە لە زۆر لایەنەوە زیان لە هەرێمی کوردستان دەدات: **یەکەم،** ئەم بڕگەیەی بوودجە، دژی دەستووری عێراقە کە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەسەر کاروباری ناوخۆی خۆیدا و، لێدانە لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان. **دووەم،** ڕاستییەکەی یەکێتی کە زۆر پێداگریی لەسەر ئەو بڕگەیە کرد، مەبەستی ئەوەیە مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا بکات. دیارە ئەم بیرۆکەیە لە ئێستا سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو لە کاتی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر یەکێتی زۆر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەغدا ڕاستەوخۆ بوودجەی پارێزگای سلێمانی بدات. **سێیەم،** دیسان ئەو بڕگەیە کارتێکی گوشار دەبێت لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستان و، هەر کاتێك بەغدا یان ئێران یان هاوپەیمانەکانی بیانەوێت شتێك بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنن، دەتوانن بەردەوام ئەو بڕگەیە بەکار بهێنن. **چوارەم،** ئەگەر ئەو بڕگەیە پراکتیزە بکرێت، مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە لە ڕووی دابینکردنی بوودجەوە سلێمانی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵکوو ئەمە سەر دەکێشێت بۆ مامەڵەی ڕاستەوخۆی لە ڕووی سیاسی، ئیداری، سەربازی و ئاسایشەوە. ئەمەیش واتە لە ڕووی واقعییەوە لەسەر ئەرز، هەرێمی کوردستان دابەش دەبێت!
- لە بەندی 13 بڕگەی (7) باسی ئەوەی کردووە کە لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئەگەر لە ماوەی 30 ڕۆژدا هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا نەگەیشتنە چارەسەر، ئەوا دەبێت پەنا ببردرێتە بەر پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست لەم بارەوە بدات. لێرەدا دیسان مەترسیی ئەوەیە هەیە بە هەر بیانوویەك بێت ئەگەر ویستیان بوودجەی هەرێم ببڕدرێت، لایەنە شیعەکان دەتوانن ئەمە بکەن؛ چونکە لە پەرلەمان زۆرینەن و، هەر کاتێك مەبەستیان بێت دەتوانن بوودجە وەك کارتێك دژی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنن.
- هەروەها سەبارەت پرسی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، دیسان زۆر کۆسپ و تەگەرەی بۆی دانراوە و لە زۆر بواریشدا لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم کراوەتەوە. لەوانە بەندی 12 بڕگەی 2 باسی ئەوە دەکات هەرێمی کوردستان دەبێت مانگانە 400 بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات. بێ گومان ئەم بڕگەیە ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن بە شێوەیەکی تر شیکردنەوەی بۆ بکەن. هەروەها لە خاڵێکی تردا باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر هات و نەتوانرا نەوتی کوردستان هەناردە بکرێت، دەبێت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بەکار بهێنرێت. بەڕاستی لێرەدا مەترسیی ئەوەیە بەغدا بە مەبەستی سیاسی و بەئەنقەست ڕێگە نەدات نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێت. هەروەها بەپێی ئەم بوودجەیە، هەرێم مافی فرۆشتنی نەوتی نەماوە و تەنانەت هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستاندا بگیرێت.

**پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و گەمەی سیاسیی بەغدا**

دوای بڕیاری دادگای پاریس لە مانگی ئاداری 2023، تورکیا ڕەوانەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە. هەرچەندە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەمریکاش بەردەوامن، بۆ ئەوی دووبارە دەست بکرێت بە دووبارە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵام تاکوو ئێستایش ئەم پرسە وەك خۆی ماوتەوە. ئەوەی دیارە، عێراق دوای ئەوەی لە ڕێگەی دادگای دەستوورییەوە ویستی دەست بەسەر نەوتی هەرێمدا بگرێت، لەم ڕووەوە دادگەی دەستووری هەموو دەسەڵاتێکی لە هەرێمی کوردستان سەندەوە. عێراق لەسەر ئاستی دەرەکییش هەموو هەوڵێکی دا کە ڕێگە لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بگرێت و کورد ناچار بکات نەوت و کێڵگە نەوتییەکان ڕادەستی بەغدا بکات. بۆیە دەکرێت بڵێین بڕیاری دادگەی پاریس بیانووی زیاتری دایە دەست عێراق بۆ ئەوی دەست بەسەر نەوتی هەرێمدا بگرێت. هەرچەندە بەڕواڵەت عێراق باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ تورکیا لە گفتوگۆدایە بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بکرێتەوە بەڵام پێ دەچێت نییەتێك هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بگیرێت. لە بوودجەی 2023 تا ڕادەیەك زەمینەسازی بۆ ئەم بابەتە کراوە. وەك ئاماژەمان پێ کرد، یەکێك لە بەندەکان باسی ئەوە دەکات، ئەگەر نەوتی هەرێم هەناردە نەکرێت، دەبێت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بەکار بهێنرێت.

ڕێگری و ئاستەنگەکانی نێوان عێراق و تورکیا بۆ دووبارە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، کە بەغدا داوای یەك ملیار و نیو دۆلار لە تورکیا دەکات وەك قەرەبووکردنەوەی عێراق بەپێی بڕیاری دادگەی پاریس. بەڵام دیارە تورکیا ئەمە ڕەت دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە، عێراق سکاڵایەکی تری لەسەر تورکیا تۆمار کردووە لەسەر هەمان کەیسی نەوتی هەرێم لە ماوەی ساڵانی 2018-2022. تورکیا داوای لە عێراق کردووە سکاڵای دووەم بکێشێتەوە، بەڵام عێراق پێداگریی لەسەر دەکات و، ئامادە نییە سکاڵای دووەمی بکشێنێتەوە. هەموو ئەمانەیش گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرەی بە بنبەست گەیاندووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم تاکوو ئێستا زیاتر وا دەردەکەوێت کێشەیەکی سیاسی بێت، نەك فەننی و تەکنیکی. گومانی ئەوەیە هەیە بەرپرسانی بەغدا، بەتایبەت هاوپەیمانەکانی ئێران، مەبەستیان بێت بەر هەر شێوەیەك بێت گرفت بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دروست بکەن لە پێناوی چەند ئامانجێك، لەوانە:

- بەغدا مەبەستییەتی لە ڕێگەی ڕێگەگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، گوشار دروست بکات بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسەکان سازشی زیاتری بۆ بکات و، زیاتر ئامادە بێت بەرنامەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاپەیمانەکانی جێبەجێ بکات.
- دوورخستنەوەی هەرێم وەك ئەکتەرێکی کاریگەر لە ڕووی هەناردەکردنی نەوت-چاوەڕێ دەکرێت لە ڕووی گازیشەوە لە چەند ساڵی ئاییندەدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت- لەسەر ئاستی دەرەکی و لێدان لە پێگەکەی. بەغدا زۆر مەبەستییەتی هەرێم ئەو ڕۆڵەی چەند ساڵی ڕابردوو هەیبووە لەسەر ئاستی دەرەکی وەك ئەکتەریکی کاریگەر لە ڕووی نەوتەوە، نەمێنێت؛ بەتایبەت کە هەرێم لە ڕێگەی فاکتەری نەوتەوە پەیوەندیی لەگەڵ زۆرێك لە دەوڵەتەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دروست کردبوو و، بەغدا دەیەوێت ئەو ڕۆڵە لە هەرێم وەربگرێتەوە.
- لەوانەیە عێراق بە بەرنامە کار بکات بۆ ئەوەی کەرتی وزە لە هەرێم تووشی شکست بکات؛ بە

شێوەیەك چیتر کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێم کار نەکەن. بێ گومان ئەمەیش دیسان کاریگەیی خراپ دەکاتە لەسەر پێگەی هەرێم. گومانی ئەوە هەیە کە بەغدا لە بەرنامەیدا بێت بۆ ئەوەی گوشار دروست بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان هەرێمی کوردستان جێ بێڵن. ئەگەر ئەمەیش ڕوو بدات، ئەوکات پێگەی هەرێم زیاتر لاواز دەبێت و کەرتی نەوت تووشی زیانی گەورە دەبێت و لە حاڵەتێکی وەهایشدا، ڕەنگە زۆربەی کۆمپانیاکان ڕوو لە بەغدا بکەن.

- دەسەڵاتدارنی بەغدا بەئاشکرا کار دەکەن بۆ ئەوەی بەتەواوەتی مەلەفی نەوت و گاز لەدەست هەرێم دەربهێنن. بڕیاری دادگەی فیدراڵی و دواتریش دادگەی پاریس، هەنگاوێك بووە بەو ئاراستەیە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵێك هەبوو لە نێوەندی پەسەندکردنی بوودجەوە ئەو کێڵگە نەوتییانەی دەکەونە ناو سنووری هەرێم و ئەوانەیش کە هەرێم لە سنووری کەرکووك و مووسڵ بەڕێوەی دەبات، لێکجیا بکەنەوە. هەموو ئەم هەوڵانەیش ئاماژەگەلێکن بەوەی کە بەغدا مەبەستییەتی هەنگاو بە هەنگاو دۆسیەی نەوت لەدەست هەرێم دەربێنێت.

## هۆکارەکانی لاوازیی پێگەی کورد لە بەغدا

- لەسەر ئاستی بەغدا لایەنە سیاسییەکان بەرنامە و سیاسەتێکی هاوبەشیان نییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێم و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی. بەداخەوە لە بەغدا فراکسیۆنە کوردییەکان نەك هەر یەکگرتوو نەبوون و نین، بەڵکوو هەر یەکەو سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە و زۆربەیان لە جێگەی ئەوەی شەڕ بۆ مافە دەستوورییەکانی هەرێم بکەن، خەریکی موزایەدەی سیاسین! ئەمە لە کاتێکدایە کە لایەنە دژبەرەکانی هەرێم زۆر بەوردی کار و پلانەکانیان دژی هەرێم بەڕێوە دەبەن.
- هەندێك لە هێزە کوردییەکان، بەتایبەت یەکێتی، ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕن لە هاندانی لایەنە شیعەکان بۆ دژایەتیکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. بۆ نموونە ڕێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ عەسائیبی ئەهلی هەق و چەند لایەنێکی شۆڤینی، بووە هۆی هەرەسهێنانی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان حکوومەتی سوودانی و هەرێم کرابوو بۆ پەسەندکردنی بوودجەی عێراق. لە ڕاستیدا لەسەر پرسی بوودجە، یەکێتی لەسەر زۆر پرس و مافی پەیوەست بە هەرێم، سازشی بۆ لایەنە شیعەکان کردووە. لە بەرامبەردا بەڵێنیان بە یەکێتی دابوو لە پرسی مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سلێمانی و تێپەڕاندنی بوودجە یارمەتییان دەدەن و ئەو بڕگەیە دەچەسپێنن. دوای پەسندکردنی بوودجە، وەك ئاماژەیەك بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێم، لایەنە شیعەکان، بەتایبەت هاوپەیمانەکانی یەکێتی لە گرووپە میلیشیاکان لە کەناڵی "لە العهد" بە مانشێتی گەورە باسی ئەوەیان کردووە کە ئەو بوودجەیە سەرەتایەکە بۆ کوتاییهێنان بە خواستەکانی کوردستان (الإطار الشيعي يمرر الموازنة الثلاثية.. انتصار لحقوق العراقيين و "نهاية" لأطماع كردستان).
- ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناوخۆی کوردستان، دیسان کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر لاوازبوونی پێگەی هەرێم، چ لەسەر ئاستی بەغدا و چ لەسەر ئاستی دەرەکی. بەداخەوە، لە کوردستان هێزە سیاسییەکان لە چوارچێوەیەکی تەندروستدا گەمەی سیاسی ناکەن! زۆربەی هێزە سیاسییەکان کار دەکەن بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندی و پێگەی هەرێمیش بێت. واتە زۆربەی لایەنەکان بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و حزبەکەیان لە پێش بەرژەوەندیی هەرێمەکە دای دەنێن. بۆیە هەر کاتێك بەرژەوەندیی کەسی-

گرووپ ـ حزبی ـ کەوتە مەترسییەوە، پەنا بۆ هەموو کارتێك دەبەن، ئەگەر دژی پێگە و بەرژەوەندییەکانی هەرێمیش بێت.

- نەبوونی سیستەمێکی بەهێزی دیموکراسی، لاوازیی دامەزراوەکان، نەبوونی هێزێکی چەکداری یەکگرتوو، دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو زۆنی دژبەیەکدا و تەشەنەکردنی دیاردەی فراوانی گەندەڵی، دیسان فاکتەرێکی دیکەی لاوازبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانە. بەداخەوە ئەم فاکتەرانە کاریگەریی زۆر خراپیان کردۆتە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان.